# E-mailی ئافرەتان



**نامق هەورامی**
namqhawramy@yahoo.com

ئەگەر جیهانگەرایی بۆ زۆر دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەت مایەی ترس و لەناوچوون بێت ئەوا بۆ نەتەوە بن دەست و بێ ئاڵاکان بەکەماڵی دڵ سوودەکانی لە زیانەکانی زۆرترە، چونکە ئەگەر جیهانگەرایی دنیا بکاتە گوندێکی بچوک و سنوورەکان راپێچێ ئەوا ئێمە بەبێ یەك و دوو دەبینە بەشێك لەو جیهانە بچوك کراوەیە و دەبینە یەکێك لە ماڵباتەکانی ئەو جیهانە .

لەو بڕوایەدام ئەگەر کاتێك بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکراین ئەگەرخاوەن و بەکارهێنەری هەر کام لەو تەکنەلۆژیایانە بووینایە ئەوا دڵنیام دۆزەکەمان لە پێشتر و سەنگ و قەبارەی کارەساتەکانیش کەمتر دەبوو لەسەرمان. ئەوەی مایەی نیگەرانییە ئەمڕۆ بەشێوەیەکی بەرفراوان ئەو تەکنەلۆژیایانە بەکار دەبرێن، بەڵام کەمترین سوود وزۆرترین زیانیان هەیە. نەك تەنیا لای ئێمەی کورد بگرە زۆربەی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوین نازانن یان نایانەوێت سوود لەو زانستە مرۆڤایەتییە بە دروستی وەرگرن .

لێرەدا ئەوەی زۆر بەلای منەوە گرنگە قسەی لەسەر بکەم ئەوەیە کە ئافرەتان لەم بوارەدا وەك زۆربەی بوارەکانی تری ژیان ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و ڕێگا تەسك بوونەوە دەبنەوە. ئەگەر تەنیا جارێك بەناوی ئافرەتێکەوە بچۆرە یەکێك لە ژوورەکانی (چاتخانە!!)ئەوسا دەزانین نێرینەی ئەم وڵاتە بەوانەی دەرەوە و ناوەوە چەند بلیمەتن لە فیشاڵ و قسەی سەیر و سەمەرە، کاتێك بەناوی ئافرەتێکەوە بچۆرە (چاتخانە)یەك وەك مەرێك بکەوێتە ناو گەلە گورگێکەوە لە هەموو لایەکەوە پەلامار دەدرێت .

ئەگەرجاران عەرەبەکان بازاڕی (عوکاز)یان هەبوو بۆ شیعر خوێندنەوە ئەوا ئەمڕۆ ژووری چاتخانەکان بوونەتە (عوکاز)ی دەیەها قسەی بێمانا و جنێوی قێزەون و بێزەوەر.

یەکێکی تر لەو دیاردانەی مرۆڤ بەشەرمەوە باسی دەکات ئەو کۆمەڵە یاساوڵ و هەواڵدەزەن کە بەنێو گۆڤار و رۆژنامە و ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێتدا دەگەڕێن بۆ دۆزینەوەی E-mail ی ئافرەتان و بە لێشاو نامەی بێسەروبەرە رەوانە (Inbox) ی بەستەزمان دەکەن، کاتێك کلیلکی لەسەر دەکەیت هاڵاو و بۆ کروزی ئەو پیاوە چەپێنراوانە هەراسانت دەکەن .

پاش تێبینیکردنی ئەم دیاردەیە بڕیارمدا ئیمەیلێك بەناوی مێینەیەکەوە دروست بکەم و بەئەنقەست چەند جارێك خزاندمە ژوورەکانی چاتەوە، ئیدی مەگەر هەر خۆم بزانم چەند نامەی جەرگ پڕ لە ژان و سووتاویم بۆ هات، یەکێك نووسیبووی **(ئەگەر دەتەوێ نەمرم وەڵامم بدەرەوە)** یەکێکی تر نووسیبووی **(ئای خوایە چ چارەنووسێك بوو کە تۆم ناسی ئای سووتانو دەردی ئەوین چی لێکردوم ئەگەر جارێك دەمبینی بەزەیت بە حاڵمدا دێتەوە)** .

یەکێکی دی وەك هەنگوینی لە کلۆری داردا دۆزیبێتەوە نووسیبووی (**هەنکە دەزانم تۆ چ کیژێکی جوان و بالآ بەرزی، هەست دەکەم زولفەکانت هێندەی بالآت درێژن و چاوانت وەکی گەرای پرتەقالْ کەسکن**) .

لە وەڵامدا بۆم نووسی ئەی کوڕە جادووگەرەکە هەموو دەستەواژەکانت پێچەوانە کەرەوە (**من کوڕێکم بەلآم بالآ بەرز نیم، قژم کورتە و چاوەکانم هەنگوینین**) بۆیە جارێکی تر ناو مەکەرە پێوەری هیچ شتێك .

باشە کاتێك ژنێك یان کچێك نووسینێکی خۆی بلأودەکاتەوە و ئیمەیلەکەی دەنووسێت بۆ ئەوەی باری سەرنجی خوێنەران وەرگرێت لەبارەی نووسینەکەیەوە ئەوا بە لێشاوE-mail ی کوڕە چەپێنراوەکانی وڵات و پیاوە تێر نەبووەکانی ئەوروپا و دەرەوە خۆیان بە inbox دا دەکەن و دەرۆژەی سۆزی درۆینە دەکەن. دەکرا ئەو تۆڕە گەورەیە بۆ ئاڵوگۆڕی زانیاری بەکار بهێنرێت نەك بۆ مەبەستی پوچ و بێمانا... بەلآم . . .

# <u>سەرنجتان لەو بارەیەوە تکایە</u>